# میزۆپۆتامیا و حەوت پارچە هۆنراوەی تر

عەباس عەبدوڵلا یووسف



-١-

به دوورایی ٦٢١٠٠٩ کیلۆمەتر
چاوەشین و جوانەکانی!!!!!!!!
چاوە تیژ و دووربینەکانی ی ی ی ی ی ی
زەرقای یەمامە
منیان بینی
موگناتیزی چاوەکەی لەشراکێشە
منیش پاش فڕێدانی ژمارە باڵاکانی بەر لە ٩
پاش کردنی کیلۆمەتر بە سانتیمەتر
لە دوورایی ٩ سانتیمەترەوە
بە نیگای کزم، ئەوجا ئەگەر بیبینم
بنجلی چاوشینی یەمامەم مەبەست بوو
دەستم بۆ مەمک و بەرۆکی برد
نینۆکە تیژەی پەنجەی دەستی، دەستمی ڕووشاند
دەستم بۆ ناوکی برد
نینۆکە تیژەی پەنجەی پێی، دەستمی بریندار کرد
دەستم بۆ زهێی برد
شەپازللەیەکی چرقەداری لێدام
چاوم لە چاوی نا
نەختێ خۆی هێنا پێشەوە
چاوم لە چاوی ناو
چەند جارە سەری پەنجەم لە سەرە پەنجەی دا
خۆی بەدەستەوە دا
ئەو نزیک لە لەشی خۆی
هیچ نابینێ و وەک پاسەوانێکی مەست
زوو قەڵای لێ داگیر دەکرێ و
لە هەوەس خۆشیدا چاوگۆڕکێم لەگەڵ دەکات

-٢-

شارە...!
سەرزەمینەکەی مرۆنشینە
زێرابنشینەکەی جورجە
کودەتا لە خوارەوە دێ
دێ و هاووڵاتی یەکەم پێی ناچار دەکرێ
کۆمەڵنامەیەکی نوێیان لەگەڵ مۆر بکات:
جورج هاووڵاتی پلە یەک

مرۆڤیش پلە دوو
شارە...!
مۆرانە لە پرۆژەی پلان و پیلانی دەساڵەی ئاییندەیدا
دایناوە خۆی ببێتە پلە دوو و
مرۆڤیش بترازێنێ بەرەو پلە سێ
جورجیش ئەوا خۆی پلە یەکە
شارە...!
میکرۆبەکانیش
مێژووی دوورودرێژیان دەکەنە بەڵگە و
لەدوا هەوڵیاندا سەرکەوتوو دەبن
خۆیان وەک ئەمپراتۆرێک، پلە یەک بن
جورج و مۆرانە ببەنە پلەی بەر لە کۆتایی و
مرۆڤیش بەرەو پلەی ژێر هەزار ببەنە خوارەوە.

-٣-

داپیری داپیری، بەژن زراڤی گوند بوو
دایکی داپیری، کەندوو بوو
داپیری دۆدانەیەکی شلق و ترشاو بوو
دایکی خۆی جەرزە بوو
خۆی بەژن زراڤە
کچی ئەو کچە، لەششووش و جوانە
کچی کچی ئەو کچەش جمناستیکە و
جوانترین ئافرەتی دنیایە
کچی کچی کچی ئەو کچەش:
کرێتترین ئافرەتی دنیایە...!

-٤-

هەندە لە هۆ گەرام، چاوم پێی ئێشا
کتێبی زلی زانایانی فیزیک
کاتێکی زۆری لێ سەندم
ئەرێ هۆ هۆناس نیوتن... ئەنیشتاین تۆش
لەناوەکانی سەردەمیش
تێکڕای نۆبلدارانی ئەم زانستە
بەتایبەت ئی فیزیای دەنگ
کامەتان وەک جووتیارێکی کورد
دەزانن بڵێن:
**کەر بزەڕێ، سەگ پشتی دێشێ!**

-٥-

فلیمێک، یان تاکە دیمەنێک
تێر خەندە و پێکەنینت بکات
با هەر ڕەش و سپی بێت
تۆخ و کاڵەکانیش هەر لەو جووتە ڕەنگەوە بێت
شارلی شاپلن بە شەپقە و گۆچانەوە
تێیدا گەمە بکات و
ئیسماعیل یاسین بەلچەوە هەڵپەڕێت
ڕەشوسپییان بکرێتە ڕەنگاوڕەنگ
پێکەنینمان لێ دەبێتە هێدمەی بۆمباران
حەمە دمبڵ
ئەویش ئەگەرچی ڕەنگاوڕەنگە و
لە ٨٥٪ی پێکەنینە
بکرێتە ڕەش و سپییش
لە ١٥٪ بچرو ڕاڕا پێ دەکەنین
لە غەمانیش پێ بکەنین، ئەوا خۆشترین پێکەنینە.

-٦-

ئافەرین سیزیف
ئەو سوودەت هەبوو
لە لاسایی تۆوە
پەیژەیەکی تەماتیک دروست کرا
کەسێ سەرکەوێ و دابەزێ
دوعای خێر بۆ باوکە مردووەکەت دەکات
بۆ تۆش نەمری
کەسێ سەرکەوێ و دابەزێ
بێزار نابێت
بێزاریش بێت، پێی دەڵێن وەرزشە
بێزاریش بێت
خۆی دەبێتە پەیژە و
پێناسەیەکی دیکە دەخاتە ڕوو:
مرۆڤ گیاندارێکی پەیژەدارە
کە کۆمپانیایەکی بەدفرۆش و مۆنۆپۆڵ، تۆی کردە پەیژە
دوعای نەفرەت لە ئەبوئەژدادت کرا
لە تۆش، گابەردەکەی خۆت
بەسەرکت کەوێ و پێی صەگتۆپ بی.

-٧-

چاوێکی دەرهێنام، چاویم دەرهێنا
دانێکمی دەرهێنا، ددانێکیم لێ دەرهێنا
دڵمی دەرهێنا
کچ بوو، بە یاسای حەمووراییم لەگەڵ نەکرد.

-٨-

میزۆپۆتامیا نەما
کۆنە، زۆریش
عیراق ئێستا
وڵاتی چوار ڕووبارە:
دیجلە. یەک
فورات.. دوو

نەوت ... سێ
فرمێسک.... چوارەمیانە

* * *

* **میزوپۆتامیا** = وڵاتی دوو زێ. بلاد الرافدین.

* **زەرقای یەمامە** = چاوشینی یەمامە (زرقاء الیمامة) بەر لە ئیسلام ژیاوە، چاوی زۆر تیژ و دووربین بووە، بەر لە گەیشتنی هێرشی هۆزێکی دوژمن بە قۆناغی سێ ڕۆژ، هۆزەکەی خۆی ئاگادار کردەوە، بەڵام بڕوایان پێ نەکرد. چاوشینەکەی یەمامە بۆتە پەند و بابەتێکی سەیری هەڵوێست و کارەسات و بۆ بەهەند هەڵنەگرتنی قسەی پێشبینان بەریاد دەکرێت.

* **ئیسماعیل یاسین** = گەپکارێکی سینەمای میسرییە. (١٩١٢ – ١٩٧٢).

* **حەمە دمبل** = (هەندەجار دەمبڵ) گەپکارێکی فیلمی سیدی کوردییە، لە سلێمانی نیشتەجێیە.

* **کەر بزەڕێ، سەگ پشتی پێ دێشێ**= پەندێکی کوردییە.

* **کەندوو**: کووار. کەرستەیەکە لە شێوەی دۆڵابە، لە قوڕ دروست دەکرێ، پێچکەدارە، دەغڵ و دان، یان ئاردی تێدەکرێ و لە خوارەوە کونێکی هەیە.

* **لەششووش** = رشیق، جەستەی ڕێکوپێکی کچان.

* **مۆنۆپۆل** = واتە monopolist کۆمپانیا، یان دەستە، یان کەسێک دەست بەسەر شتدا بگرێ و بە ئارەزووی خۆی بیفرۆشێ.

* **تەماتیک** = ئۆتۆماتیک.

* **کرێت** = ناشیرین. دزێو.

* **نیوتن** = سێر ئیسحاق نیوتن (١٦٤٢ – ١٧٢٧) زانایەکی مەزنی بواری ماتماتیک و فیزیا و فەلەکناسی. چەندین دۆزینەوە بەناوی خۆیەوە تۆمار کراون.

* **سیزیف** = یان سیزیفۆس Sisyphus لە ئەفسانەی گریکدا لە بن جیهان سزا دەدرێت: بەردێکی گەورە بباتە سەر تەلانیک، کە دەگاتە پۆپەی لێی خل دەبێتەوە، جا بەردەوام ئەو بەردە دەباتە سەرێ و هەمدیس و هەمدیس لێی غلۆڵ دەبێتەوە.

* **حاموورابی** = یان حەموورابی، لە ساڵانی ١٧٩٢ – ١٧٥٠پ.ز فەرمانڕەوای بابل بووە، دواتر دەبێتە ئیمپراتۆر. عیراق و عیلام و بەشێکی سوریا تا کەناری دەریای ناوەڕاست دەخاتە ژێر دەستی خۆی. چاو بە چاو، ددان بە ددان، یاسایەکی سزاکارانەی حەموورابییە.

* **نۆبلدار** = وەرگری خەڵاتی نۆبل.